www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:21 23-6-2006

## دەربارەی رەوتی رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی کوردیی: دیداری نێوەند لەگەڵ گۆران عەبدوڵلا بەرپرسی سایتی دەنگەکان، و ڕزگار عومەر هاوکاری کاک گۆران ... ئامادەکردنی: ئاسۆ

ئەوشەرەی ماڵپەڕەکان دەیکەن کۆپییەکی کاربۆن ئاسای شەڕی ناوخۆی کوردستانە

**ڕزگار عومەر**

:ڕۆژنامەگەری کوردی، تائێستاش بەشێوەیەکی گشتی مەبەستم (باشوری کوردستان) ە، ریمۆ کۆنترۆڵەکەی بەدەستی حیزبەوەیەو ...

**گۆران عەبدوڵلا**



**نێوەند**: پێش هە رپرسیارێك دەمەوێت پێت بڵێم حیزبەکانی کوردستان هەموشتێك ئەکرِن لەملاولاش باس لەوە دەکرێت بەشێك لە نوسەران وماڵپەڕەکان کراون ئایا لەم بوارەدا ئێوە سەربەخۆن؟ بەسەراحەت پارتە دەسەڵات دارەکان کوردستان ژێر بەژێر داوای ئەویان لێنەکردون کەهاوکاریتان بکەن؟ ئەگەر هاوکاریتان بکەن وەری دەگرن؟



**ڕزگار عومەر**: دەنگەکان سایتێکی سەربەخۆیە. بەڵام ئەم سەربەخۆ بوونە پێویستی بە ڕوون کردنەوەیەکی درێژتر هەیە لە ڕستەیەك دووان. دەنگەکان نوێنەرایەتی هیچ بەرژوەندێك، یان حیزبێك، ئایدۆلۆژیایەك ناکا. ناسنامە و پێناسەی ئێمە سادەن دەتوانم لێرە لەم خاڵانەی خوارەوە، کە لە ناسنامەی دەنگەکانەوە وەرم گرتووە کورتی بکەمەوە: ((دەنگەکان سایتێکی بێ لایەن و سەربەخۆیە، خۆی بە دەنگێکی هاوئامانجی ڕۆشنگەری دەزانێ، پڕۆژەیەکە هەمیشە ئامادە باشە بۆ تازە بوونەوە و گۆڕان. چەمکی دیموکراسی بڕبڕەی پشتی ئاسۆ و ئامانجەکانی دەنگەکانە، دیموکراسی وەکو ووشەیەکی ریکلام نا، بەڵکو وەکو چەمکێکی زیندووی پێویستیەکانی ئەمڕۆی دونیا لە ئاستی لۆکەڵ و جیهانیدا، دیموکراسی چەترێکە گەورەترین گرەوەکانی ئینسان، بۆ دروست کردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست، کۆنترین و تازەترین پرسیارو قەیرانەکانی سیستەمە سیاسیەکانی لە ژێر باڵی خۆی کۆ کردۆتەوە، دەنگەکان خۆی بە پرۆژەیەك دەزانێ لە ژێر چەتری خەبات بۆ دیوکراسی، کە ئەم پڕۆژەیە چەندین مەیدانی زیندوو دەگرێتەوە، کەپرسیارەکانی تاکی کورد لە ئەمڕۆ لە دوا ڕۆژی خۆی بە یەکەوە گرێ دەداتەوە، پرسیار لە ئایندەی سیاسی، پرسیار لەدیوکراتیزە کردنی ژیانی کۆمەلایەتی، پرسیار لەو هەڵوێستانەی کە ڕۆشنبیری لە گشتێکی پڕ لە پراکتیکدا سەر لەنوێ دەبێتەوە بە ئامرازێکی سپی بۆ گۆڕان.

دیموکراسی بەشێکی جیا نەکراوەی عەدالەتی کۆمەلایەتەیە، دەنگەکان هیچ تەحەفوزێکی نیە لە خۆبەستنەوەی خۆی بە ئاسۆی هەموو ئەو بزوتنەوە کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریانە لە پێناوی عەدالەتی کۆمەلایەتی دێنا قسە یان دێنە پراکتیك، هەر ڕێگایەکی جەماوەری، هەر ریفۆرمێك یان گۆڕانێکی قوڵی ڕیشەیی، هەر داهێنانێکی هونەری و فیکری بیەوێ بۆ ئەم ئامانجە بخوێنێ دەنگەکان لە ئامێزی دەگرێ. دەنگەکان دەنگی ئەنتی شەڕە، دەنگەکان دەڵێ نا، نا بۆ توندو تیژی، دەنگەکان دەنگی ئاشتیە لە پێناو ئەو پرەنسیبە گشتیانەی کە مرۆڤایەتی لەم سەر بۆ ئەو سەری دونیا بە یەکەوە گرێ دەداتەوە، پرەنسیبی مافی مرۆڤ، پرەنسیبی پێکەوە ژیانی هەموو ڕەنگ و ناسنامەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە، هەموو ناسنامەیەکی توند ڕەوی ناسیۆنالیستی و شۆڤینیستی، هەر بروبیانوویەکی ڕاسیستی، هەر داتاشینێك لە سەر بناغەی جیاوازی دین، ناتوانێ لە سەکۆی دەنگەکانەوە سەر دەربێنێ))

ئەمە پێناسەو شەخسیەتی سەربەخۆی دەنگەکان پێك دێنێ، جا هەر کەسێك بیەوێ خزمەت بەم پێناسەو ئامانجانە بکا با کۆمەکی پێ بکا. ئێمە هەر کەسێك و لایەنێك کۆمەکمان پێ بکا، لە سایتەکەمان بلاوی دەکەینەوە، بەلام تەئکید دەکەمەوە کە ئێمە قەت خۆمان ناکەینە کۆیلەی کۆمەکی مەرجدار و وەری ناگرین. تا ئێستا هیچ لە حیزبەکانی کوردستان بە تایبەتی یەکێتی و پارتی لەسەر هیچ ئاستێکی حیزبی یان حکومی هیچ پەیوەندیەکیان لە گەڵمان نەکردووە، نە بۆ کۆمەك نە بۆ هیچ بابەتێکی تر، ئێمە خۆشمان بە هیچ جۆرێك داوای کۆمەکمان نە لەوان لە هیچ حیزبێکی تر کردووە. داوای کۆمەك کردن لە حیزبەکان بێ باج و بێ موقابیل نیە، هیچ لەم حیزبانە لە دەسەلاتدارەوە تا ئەوانەی ئۆپۆزسیۆن ناتوانن لە گەڵ ئەوە خۆیان ڕابهێنن، کە کۆمەکی کردن بەم پڕۆژانە بێ لیستێك لەمەرجی دەمبەستنەوەو خاترو ختوری بە دوادا نەبێ، پێکەوە ژیانی سیاسی حیزبەکانی کوردستان سەیر بکا، حیزبە بچوکەکان بە دەرکەوتن و نیشان دانی جیاوازی لە گەڵ حیزبە دەسەلاتدارە سەرەکیەکان نان و مەعاشیان لە خۆیان ئەبڕی، بۆ دەست کەوتنەوەی ئەو یارمەتیانەش یان ڕوویان لە جەمسەرەکەی تری دەسەلات دەکرد، یان بە شەڕو مەفاوەزات لە ڕێکەوتنامەی تازەدا سەر لەنوێ بودجەیان بۆ تەرخان دەکرا، چەندین حیزب کە مامانی سەرەکی بەرهەمهێنانی توند ڕەوی و تاریکین لە کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەکی یەکێتی پارتی لە دەیەی نەوەدکان تا ئەمڕۆش پێیان گرت و بوون بەو جەمسەرانەی ئێستا دەیانبینی.

**نێوەند:** دەنگەکان کەی دامەزراوەو دەکرێت بڵێن یەکەمین ڕۆژنامەی ئەلکترۆنیی کوردیە؟

**گۆران عەبدوڵلا:** 1-6-2002وەك دەستپێکردنی کاری دەنگەکان دیاری کراوە، سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت ئێمە بەو ئیمکانات و توانایەی کەلە بەردەستمان بووە هەوڵمان داوە پەیوەست بین بە بەشی پێشرەوەی دونیای ڕۆژنامەگەرییەوە. تا چەندە توانیومانە جێگای خۆمان لەو چوارچێوەیە بکەینەوە، ئەوە وەلامی ئەو پرسیارە بۆ خوێنەران و نووسەرانی دەنگەکان جێ دەهێڵم.

**نێوەند:** ڕەخنەی ئەوەتان لێدەگرن ستافی دەنگەکان زیاتر بایەخ بەنوسەرەچەپەکان ئەدەن، ئەمەراستە؟

**ڕزگار عومەر:** ئەم پرسیارە نوقسانی پێوە دیارە. نەك تەنیا بۆ من کە لە گەڵ دوو دۆستی تر ئەو سایتە بە ڕێوە دەبەم، بەڵکو بۆ خوێنەریش مەعلوم نیە، کە ڕەخنەی لەو بابەتە کێ گرتویەتی؟ کە تۆ دەڵێ ی " ڕەخنەی ئەوەتان لێ دەگرن " تۆ بە سیغەی " کۆ " بەرزی ئەکەیتەوە، ئەوان کێن؟ نووسەرن، خوێنەرن، ئەندامی حیزبێکن، یان ئەنتی حیزبێکن؟ هیچ ئیستینادێکی دیاری کراو یان بەڵگەدار نیە، بۆ ڕەخنەیەکی لەو بابەتە کە ئەو پرسیارە پشتی خۆی پێ قایم بکا. ئەگەر کەسێك لێکۆڵینەوەیەکم پێ

نیشان بدا کە لە سەر سەرجەم ژمارەکانی تەمەنی دەنگەکانەوە بەڕێوە چووبێ، ئەو وەختە مادەیەك لە سەر مێزی گفتوگۆدا دەبێ و ئێمەش دووقسەی لە سەر دەکەین، بەڵام من زیاتر وای بۆدەچم ئەندێشەی سەرەکی ئەم پرسیارە، زادەی خەیاڵێکە کێشەیەکی لە گەڵ بزوتنەوەیەکی دیاری کراو هەیەو دەیەوێ بە سەر دەنگەکانی ساغ کاتەوە. لە لای ئێمە ناسنامەی حیزبی، یان ئایدەلۆژی نووسەر، یەك دەنك دەوری نیە لە بڵاوبوونەوەی بابەتەکانی. لەلای ئێمە بابەتی باش خۆی فەرز دەکا، ئێمە بابەت دەخوێنینەوە، نەك راست و چەپ بوونی نووسەرەکەی، تەنانەت ناوبانگی نووسەریش هیچ گرەنتی لە بڵاوکردنەوەدا نیە. نووسەر هەیە لە پێش لە دایك بوونی منەوە بەرهەمی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکاندا بڵاوکردۆتەوە و بابەتیشی هەبووە ئێمە بڵاومان نەکردۆتەوە، نەك لە بەر ئەوەی ئێمە موهیمن! نا، لە بەر ئەوەی لە گەڵ ئەو ناسنامەیە نایەتەوە، کە ئێمە دەمانەوێ لە پرۆسەی تەتبیق کردنیدا دەرفەت بە سەر لەنوێ دروست کردنەوەی خۆمان و خوێنەری جیدی و میدیایەکی سەرکەوتوو بدەین. نووسەری خۆ بە چەپ زان هەیە، هەفتەی هەر بە گۆترە سێ نووسینی لاوازو بێ تامی دەنووسی، هەوڵی جدیمان لە گەڵ دەدا کە ئەم شێوازە بگۆڕێ و بەرهەمی باشتر بنووسێ، دواتر لە ڕاسترین سایتی ئەنتەرنێتا خۆی دۆزیەوەو ئێستاش هەر لە گۆرانیبێژوو سیاسەتمەداری کوردەوە بگرە تا دەگاتە نەخۆشی ئەنفلۆنزای مریشك، لە سەریان دەنووسێ کەسیش بەو سایتە ناڵێ ئەرێ برا تۆ نووسەری چەپت ئیبراز کردووە؟ سایتی چەپیش هەیە، هەرچی ئەو نووسینانەی ئێمە بڵاوی ناکەینەوە ئەو لەسەری سەرەوە بڵاوی دەکاتەوە، بۆیە دووبارە ئەڵێم ئەم پرسیارەی ئێوە نوقسانە، چونکە لە خەمی ئەوەدا نیە، سۆراغ بکاو بپرسێ کێ بەرهەمی لاواز، نووسینی بێ مەعنا، شیعری تا سەر ئێسقان کۆن لە شێوەدا کۆنەپرستر لە ناوەڕۆکدا، بە یەك و دوو نا، بەڵکو بە سەبەتە لە سایتەکەی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

**نێوەند:** ڕەوشی ڕۆژنامەگەری کوردی چۆن دەبینن ڕۆژنامە تەقلیدیەکان لە ئاستی پێویست دابون؟

**گۆران عەبدوڵلا:** ڕۆژنامەگەری کوردی، تائێستاش بەشێوەیەکی گشتی مەبەستم (باشوری کوردستان) ە، ریمۆ کۆنترۆڵەکەی بەدەستی حیزبەوەیەو لە ئەتمۆسفیری ئایدیای حیزب واوەتر ناچێ و نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی دەنگێکی سەربەخۆی تایبەت بەخۆی. چونکە بەڕێوەبردن و دابینکردنی ئیمکاناتی مادی و پێویستییەکانی تری ڕۆژنامە لەرێی دەسەلاتی حیزبەوە بەدەست دەهێنرێ. بۆیە نووسەرەکان دەبێ لە چوار چێوەی بەرژەوەندێکانی حیزبدا بنووسن نەك کێشەو داخوازی و کەموکورییەکانی خەڵك بخاتەروو بۆ دەسەلات و بەهەمان شێوەش لەکمتەرخەمی و گەندەڵێکانی دەستەلاتیش ئاشکرا بکات.
لەبرگە مێژوویەکانی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا بینیمان کەچۆن لە پێناوی بەرژەوەندێکانی حیزبدا نەك بێدەنگ نابوون بەڵکوو پاساویشیان لەبەرانبەر ئەتککردنی سیمبولە پیرۆزەکانی گەل دەهێنایەوە. بەڵام ئەمرۆ لەپاڵ وجودی ئەو واقیعەتەدا کۆمەڵێ دەنگی جیدی بەدیدەکرێت کە کار لەسەر تێکشکاندنی ئەو بەستەڵکە فکرییەی دونیایی ڕۆژنامەگەری کوردی دەکەن. ئەمەش مایەی خۆشحاڵیەکی گەورەیە.

**نێوەند:** لەنیوان ماڵپەرەکان ناکوکییەك بەدی دەکرێت وە زۆرجار تۆمەت و جنێو بەیەك ئەدەن، پێتان وانیە ئەمجۆرە لەکارکردنە ناتوانێت خزمەت بەکاری ڕۆژنامەوانی بگەیەنێت؟ بەردەوام لەنیوان کوردستان نێت و کوردستانپۆست دا شەڕێك بەدی دەکرێت ئەگەر وەك ڕۆژنامە نوسێك وەڵامم بەیتەوە، کامیان فاکتەری ناکۆکیەکانن؟

**ڕزگار عومەر:** ئەم باسە باسێکی گرنگەو پەلو پۆی زۆر لێ دەبێتەوە، پەیوەندی بە گەشە پێدانی میدیای ئەلیکترۆنیەوە هەیە، پەیوەندی بە نووسینەوەی مێژوویەکی دیار کراو هەیە، پەیوەندی بە فەرهەنگی

توندو تیژیەوە هەیە، کەلە نێو کوردا قوڵتر بۆتەوە، قوڵ بوونەوەیەك کە هەردوو سایت لەو شەڕەی نێوانی خۆیان کارامەیی بێوێنەیان نیشان دا لە زیندووکردنەوەی ئەم فەرهەنگە لە میدیای ئەلیکترۆنیدا. پرسیار لەسەر ئەوە نیە کامەیان دەستی پێ کرد، بەڵکو کامەیان کۆتایی پێ هێنا؟؟ تا ئەمرۆش بە چەندین شێوە بەردەوامە، دۆکومێنت کردنی ئەم شەڕە لەوەدا دەست پێ ناکا کە ئێمە یان خوێنەر ببێ بە حەکەم و خەتاباری دەست پێ کردن دەست نیشان بکرێ، بەڵکو پرسیار ئەوەیە کامەیان ووتی:- من ئالای سپی هەڵدەدەم حاشا لەو توندو تیژیە دەکەم؟ لەوەڵامدا دەڵێم هیچیان. ئەو شەڕەی ئەوان کردیان و وا هێشتا دەیکەن، وێنەیکی بچووك کراوەیە، کۆپیەکی کاربۆن ئاسای شەڕی ناوخۆی کوردستانە، لە جیاتی دۆشکە و هاوەن، کیبۆردو قەڵەم بوو، لە جیاتی سەربانی ماڵان و قوتابخانەکان، سەردێری بابەت و مانشێتە بەرزەکان بوو، لە کوردستان پێشمەرگەو لیوای تایبەت شەڕی نێوخۆیان دەکرد، لە نێوان ئەم دووسایتەش هەریەکەیان فەوجێکی بچووکی لەنووسەر بەناو نووسەر جیا کردبۆوەو نیشانیان لە بابەت و نووسینەکانی رۆژانەی یەکتر دەگرت، لە شەڕی نێوخۆی کوردستان کوژراو هەبوو، لە شەڕی ئەم دووسایتەش و ئەدەبیاتەکەیان بەسەر بکەوە، کوشتنی درندانەی مەعنەوی یەکتر ئەشێ سەرژمێری بۆ بکەی. من بە خۆزگەی ئەوەم درەنگ یان زوو ۆژگارێ بێ، خوێنەرو نەوەکانی کورد بە لێکۆلینەوەو نووسینەوەی ئەو مێژوو نووسە بە ئەمەکانەی حەقیقەت شاد ببن، کە شەڕی نێوخۆی کوردستانیان بۆ دەکەن بە کتێب و وانە، دلنیاشم لەو کتێبانە بەشێکی گرنگی تایبەت دەبێ بە شەڕی نێوان ئەم دوو سایتە.

**نێوەند:** بارودۆخی کوردستان چۆن هەلدەسەنگێنی یەگرتنەوەی ئیدارەکان لەکوردستان کێشەکانی خەڵکی چارەسەر دەکات؟

**گۆران عەبدوڵڵا:**پرسیارێکی گشتی و هەمەلایەنەیە. بارو دۆخی کوردستان زۆر رووی هەیە بۆ هەڵسەنگاندن. بەلام دەکریبلێین بارودۆخی کوردستان زۆر تر لە کەشتییەکی بێ کەشتیوان دەچێ، بۆ کوێ دەچێ و لەکوێ لەنگەردەگرێ زۆر رۆشن نییە بۆ خەڵکی کوردستان. زۆر تر لەوەی ئیرادەی خۆمان ئاراستەی کەشتێکە دیاریکات، زیاتر تەوژم و بەرژەوەندێکانی دونیای دەرەوەی خۆمانە گوتارە سیاسیەکانی دەسەڵاتی کوردی دیاری دەکات.

کوردستان بە بەراورد بەو بارودۆخەی کە بۆی رەخساوە لەم 15 ساڵەی رابردوودوا تا ئێستاش دەسەلاتی کوردی زۆر کەم کاربووە چ لە رووی باشترکردنی سێرقسە کۆمەلایەتیەکان بۆ خەلکی کوردستان و چ لە رووی دونیای دەرەوە کەتا ئێستا رۆشن نییە چ بەرەیەکی پشتگیری بۆ پشتیوانیکردن لەبریارە چارەنووسسازەکانی کوردستان دروست کراوە، کە پێم وایە پێکهێنانی بەرەیەك بۆ بەرگریکردن لەو بریارانەی کە خەڵکی کوردستان ئازادانە سەبارەت بە چارەنووسی خۆی دەیدا کارێکی دەستبەجێ و گرنگە. چونکە ئاسۆی گۆڕرنێکی گەورە بەدی دەکرێ لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا، ناکرێ هێلکەکانمان بۆ هەمیشە هەر لە سەبەتەی ئەمریکادا بێ.

**نێوەند:** ئایا یەکگرتنەوی ئیدارەکان وەلامدەرەوەیە بە کێشەکانی خەڵکی کوردستان؟.

**گۆران عەبدوڵڵا:** من پێم وایە نا. یەکگرتنەوەی ئیدارەکان زۆرتر کارێکی سیاسیە و روو بە دونیای دەرەوە گرنگی زیاتر پەیدا دەکا. ئەم شێوەیە لە حکومەت سیقەیەکی زۆرتری دەبێ بۆ مامەڵە کردن لە گەڵ دونیای دەرەوەدا. بەلام هەردوو دەسەلاتی (ینك ویدك) ئەمەشیان وەکو دەرمانی سەد دەردان بەخەڵك فرۆشتنەوە. کێشەکانی خەڵکی کوردستان لە خۆپێشاندانەکانی کەلار، هەڵەبجە، ئاکرێ و کەرکوك و نارەزایەتییەکانی قوتابیان و گەنجانەوە دەردەکەوێ کەئەمانەش هەموو پێویستیان بە پرۆژەی کورت ماوەو، درێژ ماوە هەیە، کە پێش وەخت هەموویان ئیيعلان کرابن و بودجەی تایبەتیان بۆ تەرخان

کرابێ و هەیئەی ڕەقابەش بۆ جێبەجێکردنیان دامەزرابێ. نەك بە بەلێنی سەرپێیی و پرۆژەی نیوەناچڵ و یان کردنەوەی کۆلێژی شەریعە وەك ئەوەی خەڵکی کێشەی نەبوونی کادیری دینی هەبێ.

**نێوەند:** ئەوەندەی من ئاگاداربم ئێوە لەکوردستان پەیامنیرتان نیە بۆچی؟

**گۆران عەبدوڵلا:**وایە، کەمو کورتییەکی گەورەیە بۆمان، بەلام تا ئێستا کەسێك پەیدا نەبووە خۆبەخشانە ئەو کارەمان بۆ هەڵسورێنێ. نیوەندزۆربەی ڕۆژنامەئەلکترۆنیەکان لەدونیادابایەخ بەهەواڵ و ڕیپۆرتاژ ئەدەن.

**نێوەند:** لەدەنگەکان بەپێچەوانەوەیە زیاتر بایەخ بە وتارئەدرێت؟

**گۆران عەبدوڵلا:** پێمان باشە گرنگی بەلایەنی هەواڵ و ریپۆرتاژ بدرێ بەڵام ئەو کارە بە دەزگایەکی گەورە لە ڕووی ئیمکاناتی مادی و بەشەرییەوە ئەنجام دەدرێ، ئەوەش لای ئێمە دەست ناکەوێ. پێچەوانەی ئەمەش دەبێتە جوینەوەی هەواڵ، ئەو شێوە کارەش تۆزێ بێتامە.